# بیبلیۆگرافیی سیاسیی ڕۆژنامەی کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

ئامادەکردنی :
ئاسۆی حەسەن زادە – مەنسوور مروەتی

بەهاری ١٣٩٦ی هەتاوی (٢٠١٧ی زایینی)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیبلیۆگرافیی سیاسیی ڕۆژنامەی «کوردستان»

ئامادەکردنی : ئاسۆی حەسەن زادە – مەنسوور مروەتی

دیزاین : ئاگری باڵەکی

بەهاری ١٣٩٦ی هەتاوی (٢٠١٧ی زایینی)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ناساندنێک

دارشتن و خستنەبەردەستی بیبلیۆگرافی سەرەتاییترین و لە هەمان کاتدا گرینگترین ئامرازی تێکنیکی بۆ یارمەتیدانی خوێنەران و توێژەرانی هەر بوارێکی مەعریفییە. لەلایەکی دیکەشەوە، عادەتەن ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی تەمەنێکیان هەیە و جێکەوتوون، بیبلیۆگرافیی تایبەت بە خۆیانیان بۆ دروست دەکرێ.

بۆ رۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەدەر لە دەوری یەکەمی دەرچوونی ئەو رۆژنامەیە واتە ئەو ژمارانەی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دەرچوون و بنکەی «ژین» بیبلیۆگرافیی بۆ دروست کردوون، تا ئێستا بیبلیۆگرافییەک لەبەر دەست نەبووە. هەربۆیە لە حاڵەتێکدا کە خوێنەرێکی هۆگری مەسایلی رابردووی ئەو حیزبە و مێژووی سیاسیی گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان یان توێژەر و لێکۆڵەرەوەیەکی ئەم بوارە ویستبای بۆ شتێک لەم رابردوو و مێژووەدا بگەڕێتەوە، ئامرازێکی لەبەردەست نەبوو کە لە رێگەیەوە ئاسانتر مەبەستی خوێندنەوە یان توێژینەوەکەی جێبەجێ بکا و سەرچاوەی پێویستی بۆ بدۆزێتەوە، و ناچار دەبوو یەك بە یەك ژمارەکانی رۆژنامە هەڵداتەوە یان لە باشترین حاڵەتدا بەپێی زانیاری و لەبیرمانی خۆی، لەنێو ژمارەکانی وەرز یان ساڵێکی دیاریکراودا بگەڕێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم بیبلیۆگرافیەی ئێستا لەبەردەستە، نەک هەر تا ڕادەیەک ئەم بۆشاییەیە پڕ دەکاتەوە، بەڵکوو تازەگەرییەکیشی تێدایە کە ئەم بیبلیۆگرافییە لەو بیبلیۆگرافییانەی مەعمولەن لەو بوارەدا دروست دەکرێن جیا دەکاتەوە. زۆربەی کات بیبلیۆگرافیی گۆڤار و رۆژنامەکان یان بەپێی ناوی نووسەران یان بەپێی ساڵ و مانگەکانی دەرچوونی بابەتەکان رێك دەخرێن. بۆ ئەوەی بیبلیۆگرافیی رۆژنامەی کوردستان تەنیا تۆمارکردن و ریزکردنێکی سادەی بابەتەکانی رۆژنامە نەبێ، لەم بیبلیۆگرافییەدا هەوڵ دراوە بابەتەکانی رۆژنامە بەپێی ناوەرۆک و سروشتی وتارەکان هەڵوەژێردرێن. ناوەرۆک و سروشتی بابەت و وتارەکانیش ئەم بوارانە دەگرێتەوە : بەیاننامە و هەڵوێستە رەسمییەکانی حیزبی دێموکرات، مەسایلی تایبەت بەو حیزبە، مەسایلی نێونەتەوەیی، وەزعی رێژیم، سیاسەتە نێوخۆیی یەکانی، سیاسەتی دەرەوەی رێژیم، بارودۆخی ئێران و کوردستان، مێژوویی، پرسی نەتەوایەتی، دێموکراسی و ئەلتێرناتیڤی سیاسی لە ئێران، پرسی چینایەتی، خەباتی خەڵک، ستراتژییەکانی خەبات، خەباتی چەکداری، هاوپێوەندیی نێوان کورد و کورد لە پارچەکانی دیکە، گەلانی ئێران، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، مافی مرۆڤ، چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، کورد لە دەرەوەی وڵات، زمان و فەرهەنگ لە رەهەندە سیاسییەکەیدا، ... هتد. دیارە بەشێک لەو بوارانە پێوەندییان بە یەکترەوە هەیە و هۆگری یەکێک لەم مەسەلانە پێویستە لە تەوەری دیکەشدا بۆ بابەتی جێگای مەبەستی خۆی بگەڕێ (بەتایبەتی تەوەری یەکەمی بیبلیۆگرافییەکە کە بۆ هەڵوێستە رەسمییەکانی حیزبی دێموکرات تەرخان کراوە بابەتی پێوەندیدار بە زۆربەی نزیک بە تەواوی تەوەرەکانی دیکەی تێدایە).

تازەگەرییەکی دیکە کە لەو بیبلیۆگرافییەدا رەچاو کراوە ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی هەمیشە تیتر و سەردێڕی بابەتەکان زانیاریی تەواو نادەنە دەست کەسێک کە بیبلیۆگرافییەکە بەکار ببا، ئامادەکارانی ئەم بیبلیۆگرافییەدا چاویان بە ناوەرۆکی یەک بە یەکی وتار و بابەتەکانی رۆژنامەدا خشاندووە و لە هەر شوێنێک پێویست بووبێ لە کەوانەدا زانیاریی پێویستیان لەسەر ناوەرۆک و بەستێنی مێژوویی بابەتەکە لە یەك دوو خەتدا بۆ عینوانەکە زیاد کردووە. هەربۆیەشە خوێنەر هەر بە چاوخشاندن بە بیبلیۆگرافییەکەدا کۆمەڵێک زانیاریی بەسوودی مێژوویی دەکەوێتە دەست.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

لە هەمان کاتدا لەبەر ئەوەی ئەم کارە کارێکی قورسە کە کاتی زۆر و پێرسونێلی تایبەت بە خۆی پێویستە، ئامادەکارانی ئەم بیبلیۆگرافییە ناچار بوون بۆخۆیان هێندێك سنوور بۆ کارەکەیان دابنێن. لەلایەک، ئەوەی لێرەدا دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران و توێژەرانی بەڕێز قۆناغی یەکەم و لەڕاستیدا بناخەی کارەکەیە و بیبلیۆگرافییەکە تەنیا حدوودەن (١٠٠) ژمارەی یەکەمی دەوری دووەمی دەرچوونی ڕۆژنامەی «کوردستان» دەگرێتە خۆی کە بریتی‌یە لەو ژمارانەی لەنێوان ساڵەکانی ١٣٤٩ و ١٣٦٤دا بڵاوبوونەوە (بیبلیۆگرافییەکە لە ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی کوردستانەوە کە لە مانگی ڕێبەندانی ١٣٤٩دەرچووە دەست پێ دەکا و بە ژمارە (١٠٧) کە لە مانگی گەلاوێژی ١٣٦٤ تایبەت بە چلەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات دەرچووە کۆتایی دێ). ئەگەر ڕاستە ئەمە تەنیا قۆناغێکی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستانە، بەڵام لەو لایەنەوە گرینگە کە قۆناغێکی لەباری سیاسی و مێژوویی‌یەوە بۆ حیزبی دێموکڕات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکجار زۆر گرینگ و دەوڵەمەندە بەتایبەتی کە ساڵەکانی کۆتایی ڕێژیمی شاهەنشاهی و ئینقلابی ئێران و ساڵەکانی دەسپێکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و خەبات و خۆڕاگریی چەکداریی حیزبی دێموکڕات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە.

سنوورێکی دیکە کە ئامادەکارانی ئەم بیبلیۆگرافییە لە تەرسیمی ئەو پرۆژەیەدا بۆخۆیانیان داناوە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەدا کە ڕۆژنامەی کوردستان هەر لە دەسپێکەوە تا ئەمرۆ لە بواری جۆربەجۆردا هەواڵ و بابەت و وتاری تێدا بڵاو بۆتەوە، بەڵام ئەم بیبلیۆگرافییە تەنیا بیبلیۆگرافییەکی سیاسی‌یە. بەو حاڵەش لەڕاستیدا زۆربەی نزیک بە تەواوی وتار و بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان بۆ ئەو دەورەیە لەنێو بیبلیۆگرافییەکەدا تۆمار کراون و تەنیا بابەتە ئەدەبییەکان و ئەو هەواڵ و وردە بابەتانەی بایەخی مێژوویی‌یان کەمترە، واریدی بیبلیۆگرافییەکە نەکراون.

دیارە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە کۆمەڵێک ئاستەنگ و گیروگرفتیش لەسەر ڕێ بوون کە لەنێو واندا دەکرێ ئاماژە بە لەبەردەستدانەبوونی بەشێك لە ژمارەکانی ڕۆژنامە بکرێ، هەروەها ئەوە کە ناوی نووسەری هیچ وتار و بابەتێک لەو سەردەمەدا لە ڕۆژنامەدا نەنووسراوە و بۆ ژمارەکانی پێش ئینقلاب تەنانەت کەم کەس لەو نووسەرانە لە ژیانیشدا ماون.

سەرباری هەموو ئەو ئاستەنگانە یا هەر کەموکوڕییەک کە دەکرێ لەو بیبلیۆگرافییە سیاسییەی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا وەبەرچاو بکەوێ، ئامادەکارانی ئەم ئامرازە هیوادارن کە ئەم هەنگاوە گۆشەیەک لە پێداویستییە تەکنیکییەکانی ئاوڕدانەوە لە مێژووی حیزبی دێموکڕات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕ بکاتەوە و توێژەران و خوێنەران بەتایبەتی لەنێو نەوەی نوێدا هان بدا کە بۆ ڕامان و بیرکردنەوە لە هەلومەرجی ئەمڕۆ و ئاقاری داهاتووی جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات زیاتر سەرنج بدەنە دیاردە و ڕووداوەکانی ڕابردووی ئەم جوڵانەوەیە و ئەو دەرس و ئەزموونانەی پێویستە لەو ڕابردوویە وەربگیرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# راگەیاندراو و پەیام و هەڵوێستە رەسمی‌یەکانی رێبەریی حیزبی دێموکرات

بیبلیۆگرافیی سیاسیی رۆژنامەی «کوردستان»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- بەیاننامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەر دامەزرانی کۆماری دێموکراتی کوردستان لە مەهاباد، ژمارە (١)، ڕێبەندانی ١٣٤٩، ژانویەی ١٩٧١.
- پەیامەکانی کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە (٦)، پووشپەڕی ١٣٥٠- ژووئیەی ١٩٧١.
- بڕیارەکانی کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ژمارە (٦)، پووشپەڕی ١٣٥٠- ژووئیەی ١٩٧١.
- پەیام بۆ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی عیراق [سەبارەت بە هەوڵی تێرۆری «سەرۆک بارزانی»]، ژمارە (٩)، ڕەزبەری ١٣٥٠ – ئۆکتۆبری ١٩٧١.
- بەیاننامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەسەر داگیرکردنی سێ جزیرەی خلیج لەلایەن ڕێژیمی کۆنەپەرستی شاوە [مەحکوومی دەکا]، ژمارە (١١)، سەرماوەزی ١٣٥٠- دێسامبری ١٩٧١.
- ئاگاداری [سەبارەت بە دەرکردنی ئەحمەد تۆفیق لە حیزبی دێموکڕاتی کورستان (ئێران)]، ژمارە (١٢)، بەفرانباری ١٣٥٠-ژانویەی ١٩٧٢.
- پلینۆمی سێهەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران)، ژمارە (١٣)، ڕێبەندانی ١٣٥٠-فێوریەی ١٩٧٢.
- پەیامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٥ ی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا [سوپاس سەبارەت بە پشتگیرییان لە خەباتی کورد لە ئێران]، ژمارە (١٤)، ڕەشەمەی ١٣٥٠-مارسی ١٩٧٢.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- بۆ قیادەی قەومی و قطری حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست [پیرۆزبایی یادی دامەزراندنی ئەو حیزبە]، ژمارە (١٥)، خاکەلێوەی ١٣٥١ - ئاوریلی ١٩٧٢.
- بۆ سەرۆکایەتیی نەتەوایەتیی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست [پیرۆزبایی بەبۆنەی میللی کردنی نەوت لە عیراق]، ژمارە (١٨)، گەلاوێژی ١٣٥١-ئووتی ١٩٧٢.
- وتاری دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆنفرانسی جیهانیی هاوەردی لەگەڵ گەلی عیراق لە میللی کردنی نەوتدا، ژمارە (١٩)، خەرمانانی ١٣٥١-سپتامبری ١٩٧٢.
- بەیاننامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان (ئێران) لەسەر رێککەوتنی وێتنام [لەنێوان دەوڵەتی ئەمریکا و حکومەتی سایگۆن لەلایەك و کۆماری دێموکراتی وێتنام و حکومەتی کاتیی شۆڕشگێڕی وێتنامی خواروەە]، ژمارە (٢٣)، ڕێبەندانی ١٣٥١-فێوریەی ١٩٧٣.
- بەیاننامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی شەهید بوونی هاوڕێی بەڕێز قادری وردی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، ژمارە (٢٥) خاکەلێوەی ١٣٥٢-ئاوریلی ١٩٧٣.
- پەیامی سەرەخۆشیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کورستان (ئێران) بەبۆنەی شەهید بوونی سێ تێکۆشەری فەلەستینی، ژمارە (٢٥) خاکەلێوەی ١٣٥٢-ئاوریلی ١٩٧٣.
- پەیامی کۆمیتەی ناوەندی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی هەرێمایەتیی حیزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق [ کە لەوێدا هیوا خوازارەوە کە پارتی دێموکراتی کوردستانیش بێتە نێو ئەو هاوپەیمانەتییە]، ژمارە (٢٨)، گەلاوێژی ١٣٥٢-ئووتی ١٩٧٣.
- بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) بەبۆنەی ئێعدامی دوو ئەندامی حیزب کە لەپێوەندی لەگەڵ قادری وێردیدا گیرابوون]، ژمارە (٢٨)، گەلاوێژی ١٣٥٢-ئووتی ١٩٧٣.
- بەیاننامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان (ئێران) لەسەر شەڕی نێوان وڵاتەکانی عەرەبی و ئیسرائیل [پشتیوانی لە گەلانی عەرەب بەدژی ئیسرائیل کراوە]، ژمارە (٢٩)، خەزەڵوەری ١٣٥٢-نۆوامبری ١٩٧٣.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

- بەیاننامـەی حیزبـی دێموکڕاتـی کوردسـتان- ئێران لەبـارەی کـردەوەی دژە شۆڕشـگێڕیی ئەرتەشـی شاهەنشـاهی لە عومان [مەحکوم کردنی ناردنی هێز لەلایەن رێژیمی شـاوە بۆ سەرکوت کردنی شۆڕشـگێڕانی زوفار]، ژمارە (٣١)، بەفرانباری ١٣٥٢-ژانویەی ١٩٧٤.

- بەیاننامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردسـتان لەسـەر رووداوەکانی ئەم دواییەی کوردسـتانی عیراق [سەبارەت بە شکسـتی وتووێژەکانی نێوان کورد و حکومەتی عیراق لەسـەر جێبەجێکردنی بەیاننامەی ١١ی مارس و دەسـتپێکردنەوەی «شـەڕی براکوژی» لە کوردسـتانی عیراق]، ژمـارە (٣٤)، گەلاوێژ و خەرمانانی ١٣٥٣-ئووت و سـێپتامبری ١٩٧٤.

- روونکردنەوەیەکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان [سەبارەت بە هێندێک قسە کە لە زمانی سـکرتێری حیزبی دێموکڕاتەوە لەبارەی عیراقەوە لە رۆژنامەی ئافتۆن بلادێتی سـوئێددا بڵاو بۆتـەوە]، ژمارە (٣٤)، گەلاوێـژ و خەرمانانی ١٣٥٣-ئووت و سـێپتامبری ١٩٧٤.

- پەیامی پیرۆزبایی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بۆ حیزبی کومونیستی بولغارستان بەبۆنەی سی ساڵەی ئازادیی بولغارستان، ژمارە (٣٤)، گەلاوێژ و خەرمانانی ١٣٥٣-ئووت و سێپتامبری ١٩٧٤.

- بەیاننامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لەبارەی شەڕی زەفارەوە، ژمارە (٣٨)، خەزەڵوەری ١٣٥٤-نۆوامبری ١٩٧٥.

- پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ٢ی رێبەندان، ژمارە (٤١)، رێبەندانی ١٣٥٤-فێوریەی ١٩٧٦.

- بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ حیزبە دێموکراتییەکانی کۆماری عەرەبیی یەمەن [پشـتگیریی لە خەباتی گەلی فەلەسـتین بەدژی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم، هەروەها پشتیوانی لە خەباتی گەلی عومان و مەحکومکردنی دەستێوەردانی ئێران، نارەزایەتیی لە زەبروزەنگی رێژیمی شـا]، ژمارە (٤٦)، رەشـەمەی ١٣٥٥-مارسـی ١٩٧٧.

- راگەیاندنێـک لەلایـەن بـوروی سیاسـی حیزبـی دێموکڕاتـی کوردسـتانی

ئێرانەوە[سەبارەت بە رادەست کردنەوەی کەریم نستانی و ئەحمەد نستانی بە رێژیمی شا]، ژمارە (٥٠)، خەزەڵوەری ١٣٥٦-نۆوامبری ١٩٧٧.

- بەیاننامەی بورۆی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێ عەزیز یووسفی، ژمارە (٥٢)، پووشپەڕی ١٣٥٧-ژووئیەی ١٩٧٨.

- بەیاننامەکانی حیزب لەسەر رووداوەکانی ئەم دواییانە (بەبۆنەی تراژیدیی [سووتانی سینەما رێکسی] ئاباد‌ان؛ بەبۆنەی هاتنەسەرکاری دەوڵەتی شەریف ئیمامی [بەپەلەقاژەیەکی بێفایدەی رێژیم داندراوە و گوتراوە «پێویستە هەرچی زووتر شەریف ئیمامی بەدوای هوەیدا و ئاموزگاردا لە زبڵدانی مێژوو باوێژرێ»]؛ بەبۆنەی کوشتاری تاران؛ بەبۆنەی خۆپیشاندانی خوێناویی شارەکانی کوردستان [بەتایبەتی لە کرماشان، سنە، بانە، بۆکان و مەهاباد]؛ ژمارە (٥٣)، رەزبەری ١٣٥٧-ئۆکتۆبری ١٩٧٨.

- نامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بۆ ئیمام خومەینی [داوای چارەسەری مەسەلەی کورد لە ئێران]، ژمارە (٥٤)، رەشەممەی ١٣٥٧-مارسی ١٩٧٩.

- پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران [بەبۆنەی سەرکەوتنی شۆڕش]، ژمارە (٥٤)، رەشەممەی ١٣٥٧-مارسی ١٩٧٩.

- چەند بەشێک لە بەیاننامەی رێکخراوی حیزب لە سەقز[کە لە لامی بەیاننامەی کەسانێکی نەناسراودا کە لەودا داوا لە خەڵک کراوە وەدوای حیزبی دێموکرات نەکەون نووسراوە]، ژمارە (٥٤)، رەشەممەی ١٣٥٧-مارسی ١٩٧٩.

- راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ پلینۆمی چوارەم [باسی هەلومەرجی نوێ و پێویستی بەستنی کۆنگرەی چوار]، ژمارە (٥٦)، نیوەی یەکەمی پووشپەڕی ١٣٥٨-نیوەی دووەمی ژووئەنی ١٩٧٩.

- تێکشکاندنی پیلانی کۆنەپەرستی [بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی بەدژی شەڕی نێوان جوتیار و دەرەبەگەکان و ئومێد بەوە کە «شۆڕشی گەلانی ئێران بە رابەرایەتیی ئیمام خومەینی درێژە بە رەوتی سەرکەوتووانەی خۆی بدا». هەروەها حیسابی دەرەبەگە باش و نیشتمانپەروەرەکان لە دەرەبەگە دژی گەلییەکانی «پاشماوەی رێژیمی شەیتانی» جیا دەکاتەوە]، ژمارە (٥٦)، نیوەی یەکەمی پووشپەڕی ١٣٥٨-نیوەی دووەمی ژووئەنی ١٩٧٩.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- راگەیانداوی دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران [ئیعتراز لەوە کە رێگا نەدراوە د. قاسملوو و محەمەدئەمینی سیراجی لە کۆنفرانسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئێراندا بەشدار بن]، ژمارە (٥٦)، نیوەی یەکەمی پووشپەڕی ١٣٥٨-نیوەی دووەمی ژووئەنی ١٩٧٩.

- بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی لەبارەی چەکدارکردنی دەرەبەگەکانەوە، ژمارە (٥٦)، نیوەی یەکەمی پووشپەڕی ١٣٥٨-نیوەی دووەمی ژووئەنی ١٩٧٩.

- یادداشتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ سەرۆک وەزیر [کە لە رێگای ئوستانداری سنەوە گەیەنراوەتە مێهدی بازرگان و بەهۆی ئەوەی ناوبراو وڵامی نەداوەتەوە، بڕیار دراوە بڵاو بکرێتەوە]، ژمارە (٥٧)، نیوەی دووەمی پووشپەڕی ١٣٥٨-نیوەی یەکەمی ژووئیەی ١٩٧٩.

- پەیامی کۆمیتەی ناوەندی بۆ نارەزایەتی [دەربڕین] لە هەڵوێستی رادیۆتەلەفزیۆن، ژمارە (٥٧)، نیوەی دووەمی پووشپەڕی ١٣٥٨-نیوەی یەکەمی ژووئیەی ١٩٧٩.

- نامەی سەرئاوەڵای حیزب بۆ ئیمام [سەبارەت بە بوختان و هێرشەکانی کاربەدەستانی رێژیم بۆ سەر خەڵکی کوردستان]، ژمارە (٥٩)، ٢٥ ی گەلاوێژی ١٣٥٨-١١ی ئووتی ١٩٧٩.

- نامەی سەرەخۆشیی کۆمیتەی ناوەندی بۆ یاسر عەرەفات [بەبۆنەی شەهیدبوونی زەهیر موحسن بەدەستی «بەکرێگیراوانی سەهیۆنیزم و ئیمپریالیزم»]، ژمارە (٥٩)، ٢٥ ی گەلاوێژی ١٣٥٨-١١ی ئووتی ١٩٧٩.

- پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک.ا بە گەلانی ئێران، بە رێکخراوە دێموکرات و شۆڕشگێڕەکانی وڵات، و بە هەموو هێزەکان و شەخسیەتەکانی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر [ئەو پەیامە بەبۆنەی شەڕی نێوان ئێران و عیراق لەسەر رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لەلایەن دوکتور قاسملووەوە خوێندراوەتەوە]، ژمارە (٧١)، سەرماوەزی ١٣٥٩-دێسامبری ١٩٨٠.

- پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک.ا بۆ گەلی تێکۆشەری ئازەربایجان بەبۆنەی کردنەوەی بەشی ئازەری رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، ژمارە (٧٢)، بەفرانباری ١٣٥٩-ژانویەی ١٩٨١.

- پەیامــی کۆمیتــەی ناوەنــدی ح.د.ک.ا بەبۆنــەی دووی رێبەنــدان بیرەوەریی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە، ژمارە (٧٣)، رێبەندانی ١٣٥٩-فێوریەی ١٩٨١.
- پەیامــی کۆمیتــەی ناوەندیــی ح.د.ک.ا بەبۆنــەی ٢٢ ی رێبەندان ســاڵرۆژی سەرکەوتنی شۆڕش، ژمارە (٧٣)، رێبەندانی ١٣٥٩-فێوریەی ١٩٨١.
- نامەی سەرئاوەڵەی کۆمیتەی ناوەندی [ح.د.ک.ا بۆ خەڵکی ئێران و کەسایەتی و رێکخــراوە سیاســییە ئێرانییــەکان لەپێوەندی لەگــەڵ وڵامنەدانــەوەی نامەی حیزبی دێموکــڕات و داخوازییەکانــی خەڵکی کوردســتان لەلایەن خومەینییەوە و سیاســەتی شەڕخوازانەی رێژیم لە کوردستان]، ژمارە (٧٤)، رەشەمەی ١٣٥٩/خاکەلێوەی ١٣٦٠.
- ئــاگاداری [ی دەفتەری سیاســی بــۆ خەڵکی کوردســتان لەپێوەنــدی لەگەڵ تەبلیغاتــی «تاقمێکی بەزیو و خۆفــرۆش کە پڕۆپاگەندای ژەهراوی بۆ سەرشــۆڕکردن و خۆبەدەستەوەدان لە ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا بڵاو دەکەنەوە»]، ژمارە (٧٤)، رەشەمەی ١٣٥٩/خاکەلێوەی ١٣٦٠.
- پەیامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئیران بەبۆنەی جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٣٦٠ ی هەتاوییەوە، ژمارە (٧٤)، رەشەمەی ١٣٥٩/خاکەلێوەی ١٣٦٠.
- ئاگادارییەک لەســەر کۆبوونەوەی گشــتیی کۆمیتەی ناوەندیــی ح.د.ک.ا ٢٠-١٦ ی خاکەلێــوەی ١٣٦٠ [لەنێــو بابەتەکانــدا ئاماژە بە دامەزرانی پێوەندیی دۆســتانە و هاوکاری لەگەڵ موجاهیدین وەک دەســکەوتێکی گرینگ و هەروەها بڕیاری دەرکردن لە حیزب و دادگایی کردنی رەحمان کەریمی و ســەنار مامەدی بە تاوانی خیانەت بە حیزب و هاوکاری لەگەڵ رێژیم کراوە]، ژمارە (٧٤)، رەشەمەی ١٣٥٩/خاکەلێوەی ١٣٦٠.
- راگەیاندراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران [بەبۆنەی بۆردوومانــی زیندانی دۆڵەتوو لەلایەن فڕۆکــە و هێلی‌کۆپتێرەکانی رێژیمی عیراقەوە کە لەودا بە توندترین شێوە ئەو کردەوەیە مەحکوم کراوە]، ژمارە (٧٥)، بانەمەڕی ١٣٦٠-مای ١٩٨١.
- پەیام لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانەوە بۆ فرانسوا میتران بەبۆنەی هەڵبژاردنی بۆ سەرەک کۆماریی فەرانسە، ژمارە (٧٥)، بانەمەڕی ١٣٦٠-مای ١٩٨١.
- ئاگادارییەک لەسەر کۆبوونەوەی گشتیی کۆمیتەی ناوەندی [لەنێو بابەتەکاندا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاماژە بە بڕیاری دەرکردنی گۆڤاری تێکۆشـــەر و راپۆرتی ئامووزشی گشتی لە سەراسەری کوردســـتان و گەلاڵـەی شـــووڕاکانی شـــار و دێ کراوە]، ژمارە (٧٧)، پووشـــپەڕی ١٣٦٠-ژولای ١٩٨١.

- راگەیاندراوی دەفتەری سیاســـی ح.د.ک.ا ســـەبارەت بە هەڵبژاردنی ســـەرۆک کۆماری و نێوان دەورەیی مەجلیس [لەنێو واندا بۆ پڕکردنەوەی جێگای ئەو کاندیدایانەی حیزبی دێموکرات و کەســـانی نیشتمانپەروەر کە لە یەکەم هەڵبژاردندا دەنگی خەڵکیان وەدەســـت هێنابوو و هەڵبژاردنەکەیان رەت کرابۆوە. لـــەو راگەیاندراوەدا داوا لە خەڵک کراوە کە هەڵبژاردن بایکۆت بکەن]، ژمارە (٧٧)، پووشپەڕی ١٣٦٠-ژولای ١٩٨١.

- رێنوێنی‌یـــەک لـــە دەفتەری سیاســـی‌یەوە لەســـەر هەڵبژاردنـــی رۆژی دووەمی گەلاوێژ [ســـەرکۆماری و نێوان دەورەیی مەجلیس، داوا لە خەڵکی شارەکانی کوردستان بۆ لە ماڵ مانەوە و داوا لە پێشـــمەرگە بۆ پێشگیری لە چوونی سندووقەکانی دەنگدان بۆ گوندەکان]، ژمارە (٧٧)، پووشپەڕی ١٣٦٠-ژولای ١٩٨١.

- راگەیاندراوی دادگای شۆڕشـــی گەلی کورد [سەبارەت بە ئێعدامی پێنج کەس لە جینایەتکارانی رێژیم وەک وڵامێک بۆ شەپۆلی ئێعدامی پێشمەرگە و خەڵکی ئاسایی لەلایەن رێژیمەوە]، ژمارە (٧٧)، پووشپەڕی ١٣٦٠-ژولای ١٩٨١.

- پەیامـــی کۆمیتـــەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێـــران بۆ هەموو حیزب و رێکخراوە دێموکرات و پێشـــکەوتنخواز و دژی ئیمپریالیستییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، [سەبارەت بە «قیادەی موەقەت»]، ژمارە (٧٩)، خەرمانانی ١٣٦٠-سێپتامبری ١٩٨١.

- ئاگاداریی دەفتەری سیاسیی ح.د.ک.ا بەبۆنەی سەرەتای ساڵی تازەی خوێندن، ژمارە (٧٩)، خەرمانانی ١٣٦٠-سێپتامبری ١٩٨١.

- پەیامی [رادیۆیی] ســـکرتێری گشـــتیی حیزبـــی دێموکڕاتی کوردســـتانی ئێران دوکتور عەبدولڕەحمان قاســـملوو [لەســـەر بارودۆخی گشـــتیی وڵات، و هاوکات بوونی دەسپێکردنی شەڕی کۆمەڵە و شەڕی قیادەی موەقەت بەدژی حیزبی دێموکڕات]، ژمارە (٨٠)، رەزبەری ١٣٦٠-ئۆکتۆبری ١٩٨١.

- بەیاننامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردســـتانی ئێران [ســـەبارەت بە شەهید بوونی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەروان ئەحمەد جاویدفەر (کاک هەژار)]، ژمارە (٨١)، بەفرانباری ١٣٦٠-ژانویەی ١٩٨٢.

- ڕاگەیاندنێک لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران [چوونە نێو شووڕای میللیی موقاومەت]، ژمارە (٨١)، بەفرانباری ١٣٦٠-ژانویەی ١٩٨٢. [لەگەڵ نامەکانی د. قاسملوو و مەسعود ڕەجەوی بۆ یەکتر].

- پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ژمارە (٨٢)، ڕێبەندانی ١٣٦٠-فێوریەی ١٩٨٢.

- پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان [ساڵوەگەڕی ئینقلاب]، ژمارە (٨٢)، ڕێبەندانی ١٣٦٠-فێوریەی ١٩٨٢.

- بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی شەهیدبوونی مووسا خیابانی و هاوڕێکانی، ژمارە (٨٢)، ڕێبەندانی ١٣٦٠-فێوریەی ١٩٨٢.

- بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دەربارەی پەلاماری دڕندانەی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ سەر جنووبی لوبنان، ژمارە (٨٣)، جۆزەردانی ١٣٦١-ژووئەنی ١٩٨٢.

- ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر پێکهاتنی کۆبوونەوەی بەرینی کۆمیتەی ناوەندی، ژمارە (٨٣)، جۆزەردانی ١٣٦١-ژووئەنی ١٩٨٢.

- پەیامی دەفتەری سیاسیی ح.د.ک.ا بەبۆنەی دووەمین بیرەوەریی دامەزرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە، ژمارە (٨٤)، پووشپەڕی ١٣٦١-ژووئیەی ١٩٨٢.

- پەیامی ڕادیۆیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران [ئاگادارکردنەوەی خەڵک لە ئەگەری هێرشی تازەی هێزەکانی ڕێژیم لە مانگی ڕەمەزاندا بۆ سەر کوردستان]، ژمارە (٨٤)، پووشپەڕی ١٣٦١-ژووئیەی ١٩٨٢.

- نامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بۆ بەڕێز یاسر عەرەفات [پاش هێرشی ئیسرائیل بۆ جنووبی لوبنان و ئامادەیی دەربڕین بۆ داڵدەدانی تێکۆشەرانی فەلەستینی لە کوردستانی ئێران]، ژمارە (٨٥)، گەلاوێژی ١٣٦١-ئووتی ١٩٨٢.

- بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە دەستدرێژیی رێژیمی خومەینی بۆ سەر خاکی عیراق (پاش ئەوەی عیراق ئەرتەشی خۆی گەڕاندبۆوە پشت سنوورەکانی خۆی، کۆماری ئیسلامی هاوکات هێرشی کردۆتەوە سەر عیراق و سەر کوردستان)، ژمارە (٨٥)، گەلاوێژی ١٣٦١-ئووتی ١٩٨٢.
- بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران [پاش دانیشتنی رێبەریی هەردوولا کە لەوێدا باس لە هاوکاری و هاوخەباتی کراوە]، ژمارە (٨٥)، گەلاوێژی ١٣٦١-ئووتی ١٩٨٢.
- پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی هێرشی دڕندانەی رێژیمی خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، ژمارە (٨٦)، خەرمانانی ١٣٦١-سێپتامبری ١٩٨٢.
- پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی دەستپێکردنی سی و هەشتەمین ساڵی دامەزرانی حیزبەوە، ژمارە (٨٦)، خەرمانانی ١٣٦١-سێپتامبری ١٩٨٢.
- پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بۆ هەموو رێکخراوە دیموکراتییەکانی ئێران و جیهان و رێکخراوی دیفاع لە مافی مرۆڤ و شەخسیەتە ئازادیخواز و بەشەردۆستەکان [سەبارەت بە پەلاماری رێژیم بۆ سەر کوردستان]، ژمارە (٨٦)، خەرمانانی ١٣٦١-سێپتامبری ١٩٨٢.
- پلینۆمی سێهەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، ژمارە (٨٧)، رێبەندانی ١٣٦١-فێوریەی ١٩٨٣.
- پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢ی رێبەندانەوە، ژمارە (٨٧)، رێبەندانی ١٣٦١-فێوریەی ١٩٨٣.
- پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٢ی رێبەندان ساڵرۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر رێژیمی سەرەڕۆی بنەماڵەی پەهلەویدا، ژمارە (٨٧)، رێبەندانی ١٣٦١-فێوریەی ١٩٨٣.
- راگەیاندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەڵاچۆکردنی خەڵکی بێدیفاعی گوندەکانی قەرەگۆل، سەوزی و سەرچنار، ژمارە (٨٧)، ڕێبەندانی ١٣٦١-فێوریەی ١٩٨٣. [ناوی قوربانییەکانیش بە ژن و پیاوەوە لەگەڵی بڵاو کراوەتەوە کە لە منداڵی ١٢ ساڵەوە تا پیری ٩٥ ساڵەی تێدایە].

- پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، ژمارە (٨٨)، ڕەشەمەی ١٣٦١-مارسی ١٩٨٣.

- پەیامی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی ح.د.ک.ا بۆ ڕێکخراوەکان، شەخسییەتەکان و هاونیشتمانانی ئێرانیی دەرەوەی وڵات [سەبارەت بە پەلاماری هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان و داوای پشتیوانی و پێشگیری لە «پیلانی بێدەنگی لێ کردن» لە سەرکوتی خەڵکی کوردستان]، ژمارە (٨٩)، خاکەلێوەی ١٣٦٢-ئاوریلی ١٩٨٣.

- پەیامی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی ح.د.ک.ا بۆ ڕێکخراوەکان و شەخسییەتە نێونەتەوەیی‌یەکان و کۆمەڵە بەشەردۆستەکانی هەموو وڵاتان و بیروڕای گشتیی جیهان [بۆ هەمان مەبەست]، ژمارە (٨٩)، خاکەلێوەی ١٣٦٢-ئاوریلی ١٩٨٣.

- ڕاگەیاندنی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لەسەر کردەوەکانی ڕێژیمی خومەینی دژی حیزبی توودەی ئێران [لەوێدا ڕاگەیاندراوە کە حیزبی دێموکرات بێ ئەوەی هەستی تۆڵەکردنەوەی هەبێ ئەو توودەیی‌یانەی پەنا بۆ کوردستان دێنن پەنا دەدا و لە ئەمنیەتی ئەوان پارێزگاری دەکا]، ژمارە (٩٠)، بانەمەڕی ١٣٦٢-مای ١٩٨٣.

- ڕاگەیاندنی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی دوایی هاتنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، ژمارە (٩١)، جۆزەردان و پووشپەڕی ١٣٦٢/ژووئەن و ژووئیەی ١٩٨٣.

- پەیامی ڕادیۆیی سکرتێری گشتیی ح.د.ک.ا بەبۆنەی دوایی هاتنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، ژمارە (٩١)، جۆزەردان و پووشپەڕی ١٣٦٢/ژووئەن و ژووئیەی ١٩٨٣.

- پەیامی هاوڕێی تێکۆشەر د. عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتی ح.د.ک.ا بەبۆنەی سەرساڵی دامەزرانی شووڕای نیشتمانیی بەرگرییەوە، ژمارە (٩١)، جۆزەردان و پووشپەڕی ١٣٦٢/ژووئەن و ژووئیەی ١٩٨٣.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

- پەیامــی کۆمیتــەی ناوەندیــی ح.د.ک.ا بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێــژ، ژمارە (٩٢)، گەلاوێژی ١٣٦٢-ئووتی ١٩٨٣.
- ڕاگەیاندراوی کۆمیتەی ناوەندی [بەبۆنەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی شــەش]، ژمارە (٩٣) [تایبەتنامەی کۆنگرەی شەش]، ڕێبەندانی ١٣٦٢-فێوریەی ١٩٨٤.
- ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی ڕووداوەکانی ئەم دوایییانەی کەنداوی فارسەوە [پەلاماردانی پاپۆڕە نەوت کێشەکانی وڵاتانی عەرەبیی کەنداو لەلایەن کۆماری ئیســلامییەوە. ڕاگەیاندراوەکە ئەم ڕووداوانە بە «پیلانی هاوبەشی ڕێژیم و ئیمپریالیزمی ئەمریکا» ناو دەبا و هەم ڕەفتاری ئێران و هەم دەســتێوەردانی ئەمریکا مەحکووم دەکا]، ژمارە (٩٦)، جۆزەردانی ١٣٦٣-ژووئەنی ١٩٨٤.
- ڕاگەیاندراوی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک.ئ [بەبۆنەی شەهید بوونی عەبدوڵڵا بەهرامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی]، ژمارە (٩٦)، جۆزەردانی ١٣٦٣-ژووئەنی ١٩٨٤.
- ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی بۆمبارانی شاری قارەمانی بانە [ڕۆژی ١٥ ی جۆزەردان لەلایەن فڕۆکەکانی ڕێژیمی بەعسی عیراقەوە]، ژمارە (٩٦)، جۆزەردانی ١٣٦٣-ژووئەنی ١٩٨٤.
- پەیام بۆ حیزبی کۆمۆنیســتی ئیتالیا بەبۆنەی کۆچی دوایی ســکرتێری گشتیی ئەو حیزبە، ژمارە (٩٦)، جۆزەردانی ١٣٦٣-ژووئەنی ١٩٨٤.
- پەیامــی کۆمیتــەی ناوەنــدی بەبۆنەی ســاڵڕۆژی دامەزرانی ڕادیــۆی دەنگی کوردستانی ئێرانەوە، ژمارە (٩٦)، جۆزەردانی ١٣٦٣-ژووئەنی ١٩٨٤.
- پەیامــی ح.د.ک.ئ بۆ کۆنفرانســی خەلیج [کە ســەبارەت بە شــەڕی ئێران و عیراق بە بەشــداری ئەحزابی چەپی دنیا لە بەغدا بەڕێوە چووە و هەیئەتی حیزب لەوێدا پێشکەشی کردووە]، ژمارە (٩٧)، پووشپەڕی ١٣٦٣-ژووئیەی ١٩٨٤.
- ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی شەهید بوونی فەرماندەری هێزی بەیان [چرچەی بارام میرزا] و هاوڕێیانی، ژمارە (٩٧)، پووشپەڕی ١٣٦٣-ژووئیەی ١٩٨٤.
- ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی پێکهاتنی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی، ژمارە (٩٨)، گەلاوێژی ١٣٦٣-ئووتی ١٩٨٤.
- ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی شەهیدبوونی کاک ڕەحمان سۆفی زادە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی ڕەبەت، ژمارە (٩٨)، گەلاوێژی ١٣٦٣-ئووتی ١٩٨٤.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

- پەیامی سکرتێری گشتیی حیزب بەبۆنەی ٢٥ ی گەلاوێژ، ژمارە (٩٨)، گەلاوێژی ١٣٦٣-ئووتی ١٩٨٤.
- بانگەوازێک بۆ بیرورای گشتی لە کوردستان و ئێران و سەرانسەری جیهان [سەبارەت بە نیازی رێژیم بۆ راگواستنی زۆرەملیی خەڵکی دەیان گوندی ناوچەی سەردەشت بۆ شوێنی نادیار]، ژمارە (٩٨)، گەلاوێژی ١٣٦٣-ئووتی ١٩٨٤.
- راپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە رۆژی ١٥ی گەلاوێژی ١٣٦٣ [راپۆرتێکی دوور و درێژی سیاسی و رێکخراوەیی کە ئیشارە بە دوایین مەوردی وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، سەرەتای گرژی لەگەڵ کۆمەڵە، پێوەندی لەگەڵ ئەحزابی ئێرانی و هەروەها دۆخی ناوخۆیی حیزب و دەرکراوەکانی پاش کۆنگرەی شەشیشی کە بە «لادەر» ناوبراون تێدایە]، ژمارە (٩٩)، تایبەت بە پلینۆم، خەرمانانی ١٣٦٣-سێپتامبری ١٩٨٤.
- پەیامی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگە، [ئاماژە بەوە کە لە دوایین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا بڕیار دراوە ئەو رۆژە بکرێتە رۆژی پێشمەرگە]، ژمارە (١٠١)، خەزەڵوەر و سەرماوەزی ١٣٦٣-نوامبر و دێسامبری ١٩٨٤.
- راگەیاندراوی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی شەهید بوونی سێزدە پێشمەرگە لە شیمالی کوردستان، ژمارە (١٠٢)، بەفرانبار و رێبەندانی ١٣٦٣-ژانویە و فێوریەی ١٩٨٥.
- راگەیاندراوی دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک.ا [روونکردنەوەی سیاسەتی حیزب لەپێوەندی لەگەڵ وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا]، ژمارە (١٠٢)، بەفرانبار و رێبەندانی ١٣٦٣-ژانویە و فێوریەی ١٩٨٥.
- پەیامی کۆمیتەی ناوەندی بەبۆنەی ٢ی رێبەندان، ژمارە (١٠٢)، بەفرانبار و رێبەندانی ١٣٦٣-ژانویە و فێوریەی ١٩٨٥.
- هەڵوێستی حیزبی دێموکڕات سەبارەت بە کۆمەڵە پاش ٦ رێبەندان، ژمارە (١٠٣)، رەشەمەی ١٣٦٣/خاکەلێوەی ١٣٦٤-مارس و ئاوریلی ١٩٨٥.
- راگەیاندراوی کۆمیتەی ناوەندی ح.د.ک.ا [بۆ بەرپەرچدانەوەی پەیامی ٢٢ی رێبەندانی مەسعودی رەجەوی سەبارەت بە بەناو سیاسەتی وتوویژی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی]، ژمارە (١٠٣)، رەشەمەی ١٣٦٣/خاکەلێوەی ١٣٦٤-مارس و ئاوریلی ١٩٨٥.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- پەیامی پرسەی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک.ئێران بۆ کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆویێتی [ بەبۆنەی کۆچی دوایی سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە کۆنستانتین چێرنینکۆ]، ژمارە (١٠٣)، ڕەشەمەی ١٣٦٣/خاکەلێوەی ١٣٦٤-مارس و ئاوریلی ١٩٨٥.

- پەیامی پیرۆزبایی هاوڕێ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی ح.د.ک.ئێران بۆ میخائیل گورباچۆڤ [بەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی]، ژمارە (١٠٣)، ڕەشەمەی ١٣٦٣/خاکەلێوەی ١٣٦٤-مارس و ئاوریلی ١٩٨٥.

- ڕاگەیاندراوی کۆمیتەی ناوەندی بەبۆنەی شەهید بوونی هاوڕێ سدیق فەروخیان و چەند پێشمەرگەی ناوەندی ئاژوانەوە [لە شەڕ لەگەڵ کۆمەڵەدا]، ژمارە (١٠٣)، ڕەشەمەی ١٣٦٣/خاکەلێوەی ١٣٦٤-مارس و ئاوریلی ١٩٨٥.

- ڕاگەیاندراوی دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی ح.د.ک لەسەر بەناو بڕیارنامەی شووڕا [ی میلليی موقاومەت کە لەودا مەسعود ڕەجەوی تەکلایەنە بڕیاری ڕێگەنەدان بە نوێنەرانی حیزب بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەکانی شووڕای داوە و ئۆلتیماتۆمی داوە بەو حیزبە کە ڕای شووڕا قبووڵ بکا. ڕاگەیاندراوەکە هاتنەدەری حیزبی دێموکرات لە شووڕا رادەگەیەنێ]، ژمارە (١٠٣)، ڕەشەمەی ١٣٦٣/خاکەلێوەی ١٣٦٤-مارس و ئاوریلی ١٩٨٥.

- ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسیی ح.د.ک.ئ [لەسەر کێشەی حیزب و موجاهیدینی خەلق]، [کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی]، ژمارە (١٠٤)، بانەمەڕی ١٣٦٤-مای ١٩٨٥.

- پەیامی رادیۆیی سکرتێری گشتی ح.د.ک.ئ بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستان، ژمارە (١٠٥)، جۆزەردانی ١٣٦٤-ژووئەنی ١٩٨٥.

- تەشویقنامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ هەموو کارگێڕانی رادیۆ دەنگی کوردستان، ژمارە (١٠٥)، جۆزەردانی ١٣٦٤-ژووئەنی ١٩٨٥.

- ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی شەهید بوونی ئیبراهیم شێخاڵی فەرماندەی هێزی نەحۆ، ژمارە (١٠٥)، جۆزەردانی ١٣٦٤-ژووئەنی ١٩٨٥.

- ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی شەهید بوونی سەرگورد کەریم عەلیار،



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

ژمارە (١٠٦)، پووشپەڕی ١٣٦٤-ژووئیەی ١٩٨٥.

- نامـەی دەبیرخانـەی کۆمیتەی ناوەندی بۆ ئەو رێکخراوانەی لە کوردستـان‌دا هەن [سـەبارەت بە چلۆنایەتیی پێوەندی و هەماهەنگیی حیزبی دێموکڕات و هێزەکانی دیکە]، ژمارە (١٠٦)، پووشپەڕی ١٣٦٤-ژووئیەی ١٩٨٥. [لەگەڵیدا وڵامێکی دەستنووسی سازمانی موجاهیدینی خەڵق بڵاوکراوەتەوە کە لەوێدا موجاهیدین بە زمانێکی توند و بە بیانووی موزاکرەجوویی حیزبی دێموکڕات وڵامی نامەکەی حیزبی داوەتەوە].

- بەیاننامـەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستـانی ئێران بەبۆنەی چلەمین ساڵی دامەزرانی حیزب، ژمارە (١٠٧)، گەلاوێژی ١٣٦٤-ئووتی ١٩٨٥.

- راگەیاندراوی دەفتەری سیاسـی لەسـەر هەڵبژاردنی سـەرۆک کۆمـار، ژمارە (١٠٧)، گەلاوێژی ١٣٦٤-ئووتی ١٩٨٥.



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شیکردنەوەی سیاسەت و ڕێنوێنییەکانی حیزبی دێموکڕات و ڕووداوە گرینگەکانی تایبەت بەو حیزبە

بیبلیۆگرافیی سیاسیی ڕۆژنامەی «کوردستان»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- نەناسراو، «رێگای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان»، ژمارە (٢)، رەشەمەی ١٣٤٩- مارسی ١٩٧١.
- نەناسراو، «چ بکەین تا دوژمن زەفەرمان پێ نەبا؟»[سەبارەت بە بووژانەوەی تێکۆشانی رێکخستنەکانی حیزب]، ژمارە (٤)، بانەمەڕی ١٣٥٠- مای ١٩٧١.
- نەناسراو، «رێکخراو چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە»، ژمارە (٤)، بانەمەڕی ١٣٥٠- مای ١٩٧١.
- نەناسراو، «رێکخراو چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە: سانترالیزمی دێموکراتی»، ژمارە (٥)، جۆزەردانی ١٣٥٠- ژووئەنی ١٩٧١.
- نەناسراو، «گرینگیی شارەزابوون لە ستراتیژی و تاکتیک لە قۆناغی خەباتدا»، ژمارە (٥)، جۆزەردانی ١٣٥٠- ژووئەنی ١٩٧١.
- کۆنفرانسی سێهەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ژمارە (٦)، پووشپەڕی ١٣٥٠- ژووئیەی ١٩٧١.
- نەناسراو، «رێکخراو چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە: ئەندامی حیزب و ئەرکەکانی»، ژمارە (٦)، پووشپەڕی ١٣٥٠- ژووئیەی ١٩٧١.
- نەناسراو، «رێکخراو چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە: ئەندامی حیزب و مافەکانی»، ژمارە (٧)، گەلاوێژی ١٣٥٠-ئووتی ١٩٧١.
- نەناسراو، «رێکخراو چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە: پاراستنی نهێنیەکانی حیزب»، ژمارە (٨)، خەرمانانی ١٣٥٠ – سێپتامبری ١٩٧١.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- نەناسراو، «سەرنجێک لە بەرنامەی حیزب»، ژمارە (٨)، خەرمانانی ١٣٥٠ – سێپتامبری ١٩٧١.
- رێکخراوەکانی حیزبی پشتگیریی کۆنفرانسی سێهەم و بڕیارەکانی دەکەن، ژمارە (٨)، خەرمانانی ١٣٥٠ – سێپتامبری ١٩٧١.
- نەناسراو، «سەنەدێکی مێژوویی» [سەبارەت بە بەرنامەی تازەی حیزب پەسندکراو لە کۆنفرانسی سێهەم]، ژمارە (٩)، رەزبەری ١٣٥٠ – ئۆکتۆبری ١٩٧١.
- نەناسراو، «رێکخراو چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە: شەرتەکانی وەرگرتنی ئەندام»، ژمارە (٩)، رەزبەری ١٣٥٠ – ئۆکتۆبری ١٩٧١.
- نەناسراو، «یادی رووداوێکی گرینگ» [ساڵێک بەسەر کۆنفرانسی سێهەم]، ژمارە (١٧)، جۆزەردانی ١٣٥١-ژووئەنی ١٩٧٢.
- نەناسراو، «گێرەشێوێنیی سازمانی ئەمنیەت» [ساواک بەیاننامەیەکی ساختەی بەناوی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیی کاتیی حیزبی دیموکراتەوە بڵاو کردۆتەوە]، ژمارە (٢٣)، رێبەندانی ١٣٥١-فێوریەی ١٩٧٣.
- هەواڵ، «خەیاڵیان خاوە» [بەکرێگیراوانی سازمانی ئەمنیەت لە «دەرەوەی وڵات»نارنجۆکیان هاویشتۆتە نێو ماڵی تێکۆشەرێکی حیزبی دێموکڕات]، ژمارە (٢٣)، رێبەندانی ١٣٥١-فێوریەی ١٩٧٣.
- نەناسراو، «یادی دامەزراندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان»، ژمارە (٢٨)، گەلاوێژی ١٣٥٢-ئووتی ١٩٧٣.
- راگەیاندنێک لەسەر کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ وتاری کردنەوەی کۆنگرە و پەسندکراوەکانی تری ئەو کۆنگرەیە، ژمارە (٢٩)، خەزەڵوەری ١٣٥٢-نۆوامبری ١٩٧٣.
- روونکردنەوەیەک [لەسەر پیلانی ساواک لەنێو ریزەکانی حیزبی دێموکڕات]، ژمارە (٢٩)، خەزەڵوەری ١٣٥٢-نۆوامبری ١٩٧٣.
- نەناسراو، «کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان رێنوێنی خەباتی دوارۆژمانە»، ژمارە (٣٠)، سەرماوەزی ١٣٥٢-دێسامبری ١٩٧٣.
- درێژەی پەسندکراوەکانی کۆنگرەی سێهەم، ژمارە (٣٠)، سەرماوەزی ١٣٥٢-

دێسامبری ١٩٧٣.

- نەناسراو، «دەسکەوتێکی گرینگ»[سەبارەت بە یەکەمین چاپی کوردیی کتێبی <کوردستان و کورد> نووسینی د. قاسملوو]، ژمارە (٣٣)، رەشەمە و خاکەلێوەی ٥٣-١٣٥٢/ مارس و ئاوریلی ١٩٧٤.

- نەناسراو، «یادی ٢٩ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان»، ژمارە (٣٤)، گەلاوێژ و خەرمانانی ١٣٥٣-ئووت و سێپتامبری ١٩٧٤.

- نەناسراو، «ساڵێک پاش کۆنگرەی سێیەمی حیزب»، ژمارە (٣٥)، رەزبەری ١٣٥٣-ئۆکتۆبری ١٩٧٤.

- نەناسراو، «سی ساڵەی دامەزرانی حیزب و ئەرکەکانی ئێمە»، ژمارە (٣٧)، گەلاوێژی ١٣٥٤-ئووتی ١٩٧٥.

- نەناسراو، «رووداوێکی دڵتەزێن»[مردنی ئەندامێکی حیزب بەناوی مەلا ئەحمەدی حەسەنپوور خەڵکی دۆڵەگەرم لە بەندیخانەی ورمێ]، ژمارە (٣٨)، خەزەڵوەری ١٣٥٤-نۆوامبری ١٩٧٥.

- میتینگی مەهاباد [بەبۆنەی دەسپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات بە بەشداریی زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس کە لەوێدا د. قاسملوو، مامۆستا شێخ عیزەدین، مامۆستا هێمن قسەیان کردووە و پەیامی برا پێشمەرگە تازە گەڕاوەکان بۆ وڵات، پەیامی رێکخراوەکانی حیزب لە شارە جۆربەجۆرەکان و پەیامی لایەنە ئێرانییەکان وەک یەکەتیی دێموکراتیکی خەڵکی ئێران، فیدائییەکانی جیابووەوەی حیزبی توودە، فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و برا ئازەربایجانییەکانی تەورێز، ورمێ و میاندواو خوێندراوەتەوە]، ژمارە (٥٤)، رەشەممەی ١٣٥٧-مارسی ١٩٧٩.

- پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران [لە میتینگی مەهاباد]، ژمارە (٥٤)، رەشەممەی ١٣٥٧-مارسی ١٩٧٩.

- بڕیارنامەی [دوازدە خاڵیی] میتینگی مەهاباد، ژمارە (٥٤)، رەشەممەی ١٣٥٧-مارسی ١٩٧٩.

- کاروانی شەهیدان [شەهید بوونی دوو پێشمەرگە لە تێکهەڵچوونی نێوان جووتیاران و دەربەگەکان لە ناوچەی مەهاباد]، ژمارە (٥٦)، نیوەی یەکەمی پووشپەڕی ١٣٥٨-نیوەی دووەمی ژووئەنی ١٩٧٩.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

- ڕوونکردنەوەیەک [ی شێخ عێزەدین حوسەینی ئیمام جومعەی ئەوکاتی مەهاباد لەسەر وتووێژێکی خۆی لەگەڵ هەفتەنامەی جومعە کە قسەی ویی سەبارەت بە جێگە و پێگەی حیزبی دێموکڕات تەحریف کردووە]، ژمارە (٥٧)، نیوەی دووەمی پووشپەڕی ١٣٥٨-نیوەی یەکەمی ژووئیەی ١٩٧٩.

- نەناسراو، «بەرەو پیری جێژنی دامەزرانی حیزب» [پاش ساڵی ١٣٣٢، یەکەم جارە کە حیزب بە ئازادی ٢٥ی گەلاوێژ جەژن دەگرێ]، ژمارە (٥٨)، نیوەی یەکەمی گەلاوێژی ١٣٥٨-نیوەی دووەمی ژووئیەی ١٩٧٩.

- هەواڵی هەڵبژێرانی د. قاسملوو بە ١١٣.٧٧٣ دەنگ بە نوێنەری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە مەجلیسی خوبرەگان، ژمارە (٥٩)، ٢٥ ی گەلاوێژی ١٣٥٨-١١ی ئووتی ١٩٧٩.

- نەناسراو، «جێژنی دامەزرانی حیزب، ڕۆژێکی مێژوویی و ئەرکێکی گرینگ»، ژمارە (٦٠)، ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٥٨-١٦ی ئووتی ١٩٧٩.

- نەناسراو، «داخوازە نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتییەکان»، [سەبارەت بە پێوەندیی خەباتی نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی لە بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتدا]، ژمارە (٦٠)، ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٥٨-١٦ی ئووتی ١٩٧٩.

- پەیامی ڕادیۆیی سکرتێری گشتیی ح.د.ک.ا بەبۆنەی سی و شەشەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبەوە، ژمارە (٧٨)، گەلاوێژی ١٣٦٠-ئووتی ١٩٨١.

- پەیام بۆ سەرەك کۆماری فەڕانسە [مەحکوومکردنی دەرکردنی دیپلۆماتەکانی فەڕانسە لە تاران]، ژمارە (٧٨)، گەلاوێژی ١٣٦٠-ئووتی ١٩٨١.

- گەڵاڵەی فێرکردن و بارهێنانی سەرانسەری کوردستان، ژمارە (٧٩)، خەرمانانی ١٣٦٠-سێپتامبری ١٩٨١.

- نەناسراو، «بەرەو کۆنگرەی پێنجەمی حیزب»، ژمارە (٧٩)، خەرمانانی ١٣٦٠-سێپتامبری ١٩٨١.

- نەناسراو، «سەرکەوێ کۆنگرەی پێنجەمی حیزب»، [بە ئاماژە بە نەمانی ئەو خەتە فیکرییە «لادەرانە»یە کە لەپاش ئینقلابەوە خزابوونە نێو ڕیزەکانی حیزبەوە]، ژمارە (٨٠)، ڕەزبەری ١٣٦٠-ئۆکتۆبری ١٩٨١.

- نەناسراو، «کۆنگرەی شەهیدان و مەسئوولییەتەکانی ئەندامانی حیزب» [کۆنگرەی پێنجەم]، ژمارە (٨١)، بەفرانباری ١٣٦٠-ژانویەی ١٩٨٢.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- نەنـاسراو، «برووخێ رێژیمی خومەینی» [پاش پەسـندکرانی ئەو دروشـمە لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکڕات]، ژمارە (٨٢)، ڕێبەندانی ١٣٦٠-فێوریەی ١٩٨٢.
- نەنـاسراو، «بەبۆنەی کۆتایی هاتنی سـاڵی تەحسـیلییەوە»[لە قوتابخانەکانی شۆڕش]، ژمارە (٨٣)، جۆزەردانی ١٣٦١-ژووئەنی ١٩٨٢.
- نەناسراو، «پشـت بەخۆبەستن» [سـەبارەت بە پێویسـتیی حیزب بە یارمەتیی ماڵیـی خەڵک و رەخنە لـەوە کە هێندێک لـە کادرەکان پێیان عەیبە بـۆ حیزب داوای یارمەتی لە خەڵک بکەن، ئیشارە بە رێنوێنیی کۆنگرەی پێنجەم لەو پێوەندییەدا]، ژمارە (٨٤)، پووشپەڕی ١٣٦١-ژووئیەی ١٩٨٢.
- نەناسراو، «ساڵڕۆژی ٢٥ ی گەلاوێژ و ئەرکەکانی ئێمە»، ژمارە (٨٥)، گەلاوێژی ١٣٦١-ئووتی ١٩٨٢.
- نەنـاسراو، «چەند قسـەیەک لەسـەر لێکدانەوەیەک [ی پلینۆمـی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر وەزعی ئێران]، ژمارە (٨٨)، رەشەمەی ١٣٦١-مارسی ١٩٨٣.
- نەناسراو، «گرینگیی بەسترانی کۆنگرەی شەشـەم»، ژمارە (٩٣) [تایبەتنامەی کۆنگرەی شەش]، ڕێبەندانی ١٣٦٢-فێوریەی ١٩٨٤.
- بڕیـار و رێنوێنیەکانـی کۆنگـرەی شەشـەم، [رەتکردنـەوەی سـەڵتەنەت، لەقەڵەمدانی شورای میللی موقاوەمەت وەک ئەلترناتیڤی ڕیژیم، پەسندکرانی کورتەباس، تەئکید لەسـەر بەشـداریی ژنان، .. هتد]، ژمارە (٩٣) [تایبەتنامەی کۆنگرەی شەش]، ڕێبەندانی ١٣٦٢-فێوریەی ١٩٨٤.
- گوڵبژێرێـک لـە راپۆرتی کۆمیتـەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شـەش، ژمارە (٩٣) [تایبەتنامەی کۆنگرەی شەش]، ڕێبەندانی ١٣٦٢-فێوریەی ١٩٨٤.
- نەناسراو، «دوو بێگانەی ئاشـنا» [تەوسـیفی یەکتر دیتنەوەی دوو تێکۆشەری لەمێژینەی حیزب قادرئاغای چوارگا و مامەقالەی سووتوو و ڕێزلێنانی رابردووی خەبات و فیداکاریی ئەوان]، ژمارە (٩٧)، پووشپەڕی ١٣٦٣-ژووئیەی ١٩٨٤.
- نەناسراو، «زستان دەڕوا و رووڕەشی بۆ رەژی دەمێنێ» [روو بەو کەسانەی پاش ئینقـلاب لە ریزەکانـی حیزبدا لەژێـر کاریگەریی خەتی توودەدا بـوون و لە کۆنگرەی شەشـیش دژی کورتەباس بوون و حیزبیان بەجێ هێشـتووە]، ژمـارە (٩٨)، گەلاوێژی



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

١٣٦٣-ئووتی ١٩٨٤.

- «کادرێکی باشــی حیزبی دەبێ» [هەڵبژێراو لە راپۆرتــی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی شەشەم]، ژمارە (٩٩)، خەرمانانی ١٣٦٣-سێپتامبری ١٩٨٤.

- نەناسراو، «حیزبی دێموکڕات و جوڵانەوەی گەلی کورد لە کوردســتانی ئێران»، ژمارە (١٠٣)، رەشەمەی ١٣٦٣/خاکەلێوەی ١٣٦٤-مارس و ئاوریلی ١٩٨٥.

- نەناسراو، «لە تاقیکردنەوەی چل ساڵ خەبات»، ژمارە (١٠٦)، پووشپەڕی ١٣٦٤-ژووئیەی ١٩٨٥.

- کورتەیەک لە مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردســتانی ئێران [ناســاندنی کتێبی چل ساڵ خەبات نووسینی د. قاسملوو]، ژمارە (١٠٧)، گەلاوێژی ١٣٦٤-ئووتی ١٩٨٥.

- چل رووداوی گرینگ لە مێژووی چل ساڵەی حیزبدا، ژمارە (١٠٧)، گەلاوێژی ١٣٦٤-ئووتی ١٩٨٥.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شەڕ لەنێوان حیزبی دێموکڕات و کۆمەڵە

- نەناسراو، «کارەساتەکانی هەورامان»[وتارێکی درێژ سەبارەت بە دەسپێکی شەڕ لەنێوان حیزبی دێموکڕات و کۆمەڵە]، ژمارە (١٠٢)، بەفرانبار و ڕێبەندانی ١٣٦٣-ژانویە و فێوریەی ١٩٨٥.
- هەڵوێستی حیزبی دێموکڕات سەبارەت بە کۆمەڵە پاش ٦ ڕێبەندان، ژمارە (١٠٣)، ڕەشەمەی ١٣٦٣/خاکەلێوەی ١٣٦٤-مارس و ئاوریلی ١٩٨٥.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مێژوویی

بیبلیۆگرافیی سیاسیی رۆژنامەی «کوردستان»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- نەناسراو، «دەرســەکانی جوڵانەوەی مەهاباد» [مەبەست کۆماری کوردستانە]، ژمارە (١)، رێبەندانی ١٣٤٩- ژانویەی ١٩٧١.
- نەناسراو، «دووی رێبەندان چــۆن رۆژێک بوو؟»، ژمارە (١)، رێبەندانی ١٣٤٩- ژانویەی ١٩٧١.
- نەناسراو، [ناوی] پێشــمەرگە چۆن دۆزرایەوە؟»، ژمارە (١)، رێبەندانی ١٣٤٩- ژانویەی ١٩٧١.
- نەنــاسراو، «خەباتی گەلی کورد لە کوردســتانی ئێــران و بەیانی ١١ی مارس»، ژمارە (٢)، رەشەمەی ١٣٤٩-مارسی ١٩٧١.
- نەناسراو، «رۆژی ٣ی رەشــەممە جێژنە یا تازیــە؟»، [بنەماڵەی پەهلەوی لەو رۆژەدا بە دەسەڵات گەیشتن]، «، ژمارە (٢)، رەشەمەی ١٣٤٩-مارسی ١٩٧١.
- نەنــاسراو، «خەباتی خەڵک پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ» [لە پەراوێزی ئێعدامی ١٣ تێکۆشــەری سیاسی بە تاوانی هێرش بردنە سەر پاســگایەک»، ژمارە (٤)، بانەمەڕی ١٣٥٠- مای ١٩٧١.
- نەناسراو، «بیســت و هەشــتی گەلاوێــژ»، ژمارە (٧)، گەلاوێــژی ١٣٥٠-ئووتی ١٩٧١.
- نەنــاسراو، «خەرمانانی ١٣٢٠» [ســەبارەت بە هاتنی هێزەکانــی هاوپەیمانان بۆ ئێران]، ژمارە (٨)، خەرمانانی ١٣٥٠ – سێپتامبری ١٩٧١.
- نەنــاسراو، «یادی شــێخ مەحموودی قارەمــان»، ژمارە (٩)، رەزبــەری ١٣٥٠ – ئۆکتۆبری ١٩٧١.
- نەناسراو، «بیروباوەڕی شۆڕشــگێڕێکی شەهید» [ســەبارەت بە نامیلکەیەکی ئەمیــر پەرویزی پوویــان تێکۆشــەر و بیرمەندی بزوتنەوەی ســیاهکەل]، ژمــارە (١٠)، خەزەڵوەری ١٣٥٠ – نۆوامبری ١٩٧١.
- نەنــاسراو، «راپەڕینی لاهووتی» [ بەبۆنەی پەنجا ســاڵەی ئــەو حەرەکەتە کە شاعیری کرماشانی ابوالقاسم لاهوتی ئەو کاتە کە ئەفسەری ژاندارمری بووە بۆ پشتیوانی لــە ئازادیخــوازان بەرێوەی بردووە و شــاری تەورێزی بەدەســتی گرتــووە]، ژمارە (١٣)، رێبەندانی ١٣٥٠-فێوریەی ١٩٧٢.

- نەناسراو، «دووەمین بیرەوەریی بەیاننامەی ١١ی مارس»، ژمارە (١٤)، رەشەمەی ١٣٥٠-مارسی ١٩٧٢.
- نەناسراو، «لەسەر ژیانی پێشەوا»، ژمارە (١٥)، خاکەلێوەی ١٣٥١-ئاوریلی ١٩٧٢.
- نەناسراو، «بیرەوەریی ١٠ی خاکەلێوە»، ژمارە (١٥)، خاکەلێوەی ١٣٥١-ئاوریلی ١٩٧٢.
- نەناسراو، «کاروانێک لە شەهیدانی کوردستان» [ناساندنی کتێبی تازە چاپی کەریم حیسامی بەو ناوە]، ژمارە (١٦)، بانەمەڕی ١٣٥١ – مای ١٩٧٢.
- نەناسراو، «یادی چوار شەهیدی بەڕێز» [چوار ئەفسەرە کوردە باشوورییەکەی کۆماری کوردستان]، ژمارە (١٧)، جۆزەردانی ١٣٥١-ژووئەنی ١٩٧٢.
- نەناسراو، «یادی ٢٥ ی گەلاوێژ»، ژمارە (١٨)، گەلاوێژی ١٣٥١-ئووتی ١٩٧٢.
- دەنگوباس [هێندێک هەواڵی ناوخۆی ئێران سەبارەت بە بازڕەسی شاهەنشاهی، جاش بگیری لە کوردستان و شوێنەوارەکانی ئیسلاحاتی ئەرزی]، ژمارە (١٨)، گەلاوێژی ١٣٥١-ئووتی ١٩٧٢.
- نەناسراو، «یادێک و یادگارێک» [چوار ساڵەی شەهید بوونی مەلا ئاوارە و شێعرێکی ناوبراو]، ژمارە (١٩)، خەرمانانی ١٣٥١-سپتامبری ١٩٧٢.
- نەناسراو، «نامەیەک بۆ کوردستان» [کوردێک لە ناوخۆ کە بە سەفەر لە مەهاباد بووە کەش و هەوای ئەو شارە لە رۆژی ٢١ی سەرماوەزدا دەگێڕێتەوە]، ژمارە (٢٢)، سەرماوەزی ١٣٥١-دێسامبری ١٩٧٢.
- نەناسراو، «راپەڕینی وەرزێران» [راپەڕینی وەرزێرانی کوردستان لەژێر رێنوێنیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەفرانباری ١٣٣١]، ژمارە (٢٣)، رێبەندانی ١٣٥١-فێوریەی ١٩٧٣.
- نەناسراو، «رۆژێکی شووم لە مێژووی وڵاتەکەماندا» [کودێتای ٢٨ ی گەلاوێژ]، ژمارە (٢٨)، گەلاوێژی ١٣٥٢-ئووتی ١٩٧٣.
- نەناسراو، «چەند دەرسێک لە مێژوو» [ئاوڕدانەوەیەک لە کۆماری کوردستان و هۆکارەکانی رووخانی]، ژمارە (٣٢)، رێبەندانی ١٣٥٢-فێوریەی ١٩٧٤.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- نەناسراو، «یادی کۆماری کوردستان»، ژمارە (٣٢)، ڕێبەندانی ١٣٥٢-فێوریەی ١٩٧٤.
- نەناسراو، «ڕۆژی شەهیدان»، ژمارە (٣٣)، ڕەشەمە و خاکەلێوەی ٥٣-١٣٥٢/ مارس و ئاوریلی ١٩٧٤.
- نەناسراو، «یادی ٢١ی سەرماوەز»[گەڕانەوەی ئەرتەش بۆ ئازەربایجان و کوردستان]، ژمارە (٣٩)، سەرماوەزی ١٣٥٤- دێسامبری ١٩٧٥.
- لە قسەکانی پێشەوا، ژمارە (٤١)، ڕێبەندانی ١٣٥٤-فێوریەی ١٩٧٦.
- نەناسراو، «یادی سی ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد»، ژمارە (٤١)، ڕێبەندانی ١٣٥٤-فێوریەی ١٩٧٦.
- نەناسراو، «ئاوڕێک لە رابردوو، بیرێك بۆ داهاتوو» [لە یادی کۆماری کوردستاندا نووسراوە]، ژمارە (٤١)، ڕێبەندانی ١٣٥٤-فێوریەی ١٩٧٦.
- نەناسراو، «ئەهەمیەتی کۆماری کوردستان لە دیاریکردنی ڕێبازی خەباتی گەلی کورددا»، ژمارە (٤١)، ڕێبەندانی ١٣٥٤-فێوریەی ١٩٧٦.
- نەناسراو، «کۆماری مەهاباد : نامەی[شیوعیەک] لە کوردستانی عیراقەوە»، ژمارە (٤١)، ڕێبەندانی ١٣٥٤-فێوریەی ١٩٧٦.
- نەناسراو، «دووی ڕێبەندان» ژمارە (٤٥)، ڕێبەندانی ١٣٥٥-فێوریەی ١٩٧٧.
- بەیادی دووی ڕێبەندان [چاپکردنەوەی بەشێک لە نوتقی پێشەوا قازی محەممەد]، ژمارە (٤٥)، ڕێبەندانی ١٣٥٥-فێوریەی ١٩٧٧.
- نەناسراو، «بیرەوەریی شەهید بوونی پێشەوا قازی محەممەد»، ژمارە (٤٧)، خاکەلێوەی ١٣٥٦-ئاوریلی ١٩٧٧.
- بەربوونی عەزیزی یووسفی، ژمارە (٤٧)، خاکەلێوەی ١٣٥٦-ئاوریلی ١٩٧٧.
- نەناسراو، «بەیادی شەهیدانی چوارچرا»، ژمارە (٥١)، خاکەلێوەی ١٣٥٧-ئاوریلی ١٩٧٨.
- کۆچی دوایی کاک عەزیز [یووسفی]، ژمارە (٥٢)، پووشپەڕی ١٣٥٧-ژووئیەی ١٩٧٨.
- دەستدرێژیی فڕۆکەکانی عیراق [پووشپەڕی ١٣٥٨ شەش هێلیکۆپتری عیراقی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لــە ناوچەی مەریوان چەند کەس لە دانیشــتووانی گوندەکانی ئــەو ناوچەیە دەکوژن]، ژمارە (٥٧)، نیوەی دووەمی پووشپەڕی ١٣٥٨-نیوەی یەکەمی ژووئیەی ١٩٧٩.

- نەناسراو، «حەفتاوچوارەمین ســاڵیادی شۆڕشی مەشرووتە»، ژمارە (٥٩)، ٢٥ ی گەلاوێژی ١٣٥٨-١١ی ئووتی ١٩٧٩.

- نەناسراو، «پێشــەوای گــەل»، ژمارە (٦٠)، ٢٥ی گەلاوێــژی ١٣٥٨-١٦ی ئووتی ١٩٧٩.

- بــێ ئیمزا [د. ســادق شــەرەفکەندی]، «کورتــە مێژوویەک لــە جوڵانەوەکانی نەتەوایەتیی کورد» [ســەرەتای زنجیرە وتارێک لەو پێوەندییەدا]، ژمارە (٧١)، سەرماوەزی ١٣٥٩-دێسامبری ١٩٨٠.

- نەنــاسراو، «١٠ی خاکەلێــوە، رۆژی شــەهیدانی کوردســتان»، ژمــارە (٧٤)، رەشەمەی ١٣٥٩/خاکەلێوەی ١٣٦٠.

- اعلامیــە [چاپکردنــەوەی ئاگادارییی سرلشــگر همایونی بــە رێکەوتی ١٠-١-١٣٢٦ لەپێوەندی لەگەڵ ئێعدامی پێشــەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانیدا]، ژمارە (٧٤)، رەشەمەی ١٣٥٩/خاکەلێوەی ١٣٦٠.

- نەناسراو، «یادێک لە جوڵانەوەی قارەمانانەی ح.د.ا لە ســاڵەکانی ٤٧-١٣٤٦»، ژمارە (٧٥)، بانەمەڕی ١٣٦٠-مای ١٩٨١.

- چاپی دوو نامەی دەستنووسی شەهیدان سولەیمان موعینی و سمایلی شەریفزادە بۆ د. قاسملوو لە کاتی بزوتنەوەی ٤٦-٤٧ دا، ژمارە (٧٥)، بانەمەڕی ١٣٦٠-مای ١٩٨١.

- نەناسراو، «کوشــتاری گشــتیی گەلی ئەرمەنی، هەوەڵــین ژێنۆسیدی چەرخی بیستەم»، ژمارە (٧٥)، بانەمەڕی ١٣٦٠-مای ١٩٨١.

- یادێک لە دوو شەهیدی نموونە و راستکردنەوەیەك [سەبارەت بە شەهیدان مەلا ئاوارە و جەلال میراوەیی]، ژمارە (٧٩)، خەرمانانی ١٣٦٠-سێپتامبری ١٩٨١.

- نەناسراو، «چوار ســاڵەی شەهید بوونی کاک عەزیزی یووسفی»، ژمارە (٨٣)، جۆزەردانی ١٣٦١-ژووەنی ١٩٨٢.

- نەنــاسراو، «٢٥ ی گەلاوێژ و ٢٨ ی گەلاوێژ» [بــەراورد و پێکەوە گرێدانەوەی ســێ رووداوی مێژوویی، ئەمجــارە «ئیمام خومەینی» بە «پیرە کەمتیــاری جەماران» ناو

براوە]، ژمارە (٨٥)، گەلاوێژی ١٣٦١-ئووتی ١٩٨٢.

- نەناسراو، «٣٧ ساڵ خەبات و تێکۆشان»، ژمارە (٨٥)، گەلاوێژی ١٣٦١-ئووتی ١٩٨٢.

- نەناسراو، «یادێک لە دوو شەهیدی مەزن» [مەلا ئاوارە و جەلال میراوەیی]، ژمارە (٨٦)، خەرمانانی ١٣٦١-سێپتامبری ١٩٨٢.

- نەناسراو، «یادێک لە رۆژێکی پیرۆز» [٢٥ی گەلاوێژ]، ژمارە (٩٨)، گەلاوێژی ١٣٦٣-ئووتی ١٩٨٤.

- نەناسراو، «بۆ رووخانی رێژیمی خومەینی : بەبۆنەی ٢٢ی رێبەندان»، ژمارە (١٠٢)، بەفرانبار و رێبەندانی ١٣٦٣-ژانویە و فێوریەی ١٩٨٥.

- نەناسراو، «بیرەوەریی چل ساڵەی سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا» [کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی]، ژمارە (١٠٤)، بانەمەڕی ١٣٦٤-مای ١٩٨٥.

- نەناسراو، «بیرەوەریی هاوڕێیەکی شەهید» [بەسەرهاتی ورەبەخشینی باوکی شەهید عەبدوڵڵا بەهرامی بە هاوڕێکانی و پێویستیی هیوادار بوون بەبەردەوامی و سەرکەوتنی خەبات]، ژمارە (١٠٤)، بانەمەڕی ١٣٦٤-مای ١٩٨٥.

- نەناسراو، «بەرەو بیرەوەریی چلەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»، ژمارە (١٠٥)، جۆزەردانی ١٣٦٤-ژووئەنی ١٩٨٥.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شرۆڤەی وەزعی ڕێژیم (ی شا و کۆماری ئیسلامی) و سیاسەتە نێوخۆیی‌یەکانی (بە ڕەفتار لەگەڵ کوردیشەوە)

بیبلیۆگرافیی سیاسیی ڕۆژنامەی «کوردستان»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- نەناسراو، «چاوورای رێژیم و باری راستیی وڵات»، ژمارە (١)، رێبەندانی ١٣٤٩- ژانویەی ١٩٧١.
- نەناسراو، «بودجەی میلیتاریزە کردنی ئێران»، ژمارە (٣)، خاکەلێوەی ١٣٥٠- ئاوریلی ١٩٧١.
- نەناسراو، «دادپەروەریی ئاریامێهری» [بەسەرهاتی بێعەداڵەتییەکی دەزگای دادوەری]، ژمارە (٣)، خاکەلێوەی ١٣٥٠- ئاوریلی ١٩٧١.
- نەناسراو، «ئایا ئێران دوورگەیەکی ئارامە؟»، ژمارە (٥)، جۆزەردانی ١٣٥٠- ژووئەنی ١٩٧١.
- نەناسراو، «ئازادی لە قامووسی شاهانەدا»، ژمارە (٦)، پووشپەڕی ١٣٥٠- ژووئیەی ١٩٧١.
- نەناسراو، «رووتاندنەوەی خەڵک بەناوی جێژنی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهنشاهی»، ژمارە (٨)، خەرمانانی ١٣٥٠ – سێپتامبری ١٩٧١.
- نەناسراو، «خاویار و مینی ژێر ئەرزی»، [وتارێکی شپێگڵ بە خەرجی زەبەلاح بۆ جێژنەکانی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشاهی]، ژمارە (٩)، رەزبەری ١٣٥٠ – ئۆکتۆبری ١٩٧١.
- نەناسراو، «نامەیەکی گەیشتوو» [گازندەی هاووڵاتییەکی بێبەشی کورد لە خەرجییەکانی جەژنەکانی ٢٥٠٠ ساڵە]، ژمارە (١٠)، خەزەڵوەری ١٣٥٠ – نۆوامبری ١٩٧١.
- نەناسراو، «ناردنی سپای دانش بۆ کوردستان»، ژمارە (١٠)، خەزەڵوەری ١٣٥٠ – نۆوامبری ١٩٧١.
- نەناسراو، «بودجەی ئاوەدانکردنەوەی دێهاتی کوردستان»، ژمارە (١١)، سەرماوەزی ١٣٥٠- دێسامبری ١٩٧١.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- نەناسراو، «ساڵی تازە»، ژمارە (١٥)، خاکەلێوەی ١٣٥١-ئاوریلی ١٩٧٢.
- نەناسراو، «شا پشتیوانی قاچاخی مواد مخدرەیە»، ژمارە (١٦)، بانەمەڕی ١٣٥١ – مای ١٩٧٢.
- نەناسراو، «لە دەوروبەری وتارێکی شـادا» [لە زانسـتگای پەدافەندی تاران]، ژمارە (٢٠)، رەزبەری ١٣٥١-ئۆکتۆبری ١٩٧٢.
- نەناسراو، «یەکێک لە فێڵەکانی رێژیم» [ سـەبارەت بـە لەقەڵەمدانی بەرەی چەپ بە کۆنەپەرست لەلایەن رێژیمەوە]، ژمارە (٢٠)، رەزبەری ١٣٥١-ئۆکتۆبری ١٩٧٢.
- نەنـاسراو، «نەوت و داهاتەکەی قازانجی بـۆ کێیە؟»، ژمارە (٢١)، خەزەڵوەری ١٣٥١-نۆوامبری ١٩٧٢.
- نەناسراو، «ئەوەیە بەهەشت؟!» [سەبارەت سەفەری ئوستانداری سنە بۆ بانە]، ژمارە (٢٤)، رەشەمەی ١٣٥١-مارسی ١٩٧٣.
- خۆپێشاندانی خوێندکارانی زانستگای جوندی شاپووری ئەهواز و خوێندکارانی زانستگای تەورێز، ژمارە (٢٥) خاکەلێوەی ١٣٥٢-ئاوریلی ١٩٧٣.
- نەناسراو، «لە ئێراندا دەسـەڵاتی سیاسـی بەدەسـتی کێوەیـە؟»، ژمارە (٢٨)، گەلاوێژی ١٣٥٢-ئووتی ١٩٧٣.
- نەناسراو، «شاژن دەڵێ چی؟»[سـەبارەت بە وتووێژێکی فەرەحی دیبا لە رادیۆ تاران کە لەودا رۆژنامەوانێکی بیانی لەبارەی کوردەوە پرسـیاری لێ کردووە و ئەویش لە وڵامدا وێرای باسی خیسـلەتی کۆچەریی کورد، حاشای لە بوونی پرسی کورد لە ئێراندا کردوە]، ژمارە (٢٨)، گەلاوێژی ١٣٥٢-ئووتی ١٩٧٣.
- نەناسراو، «بە قسـە و چاوڕاو پێشی گرانی ناگیرێ»، ژمارە (٣٠)، سەرماوەزی ١٣٥٢-دێسامبری ١٩٧٣.
- نەناسراو، «چەند یادداشتێک لەبارەی بودجەی وڵاتەوە»، ژمارە (٣١)، بەفرانباری ١٣٥٢-ژانویەی ١٩٧٤.
- نەناسراو، «وتووێژی چاپەمەنیی شـا»، ژمـارە (٣١)، بەفرانباری ١٣٥٢-ژانویەی ١٩٧٤.
- نەناسراو، «شا دراوی گەلی ئێران لە کوێ خەرج دەکا؟»، ژمارە (٣٢)، رێبەندانی ١٣٥٢-فێوریەی ١٩٧٤.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- نەناسراو، «لەبارەی خوێندنی بەخۆڕایی لە مەدرەسەکان»، ژمارە (٣٣)، رەشەمە و خاکەلێوەی ٥٣-١٣٥٢/ مارس و ئاوریلی ١٩٧٤.
- نەناسراو، «لەسەر وتووێژی شا» [ سەبارەت بە وڵامی شا بە پرسیارێکی رۆژنامەی لومۆند لەبارەی کورد لە ئێران]، ژمارە (٣٤)، گەلاوێژ و خەرمانانی ١٣٥٣-ئووت و سێپتامبری ١٩٧٤.
- نەناسراو، «حەوتووی کوردستان یا چاونووساندنی خەڵک» [تەرخانکردنی حەوتوویەک بۆ ئوستانی سنە و رەخنە لەوە کە ناوی کوردستان تەنیا بەو ئوستانە سنووردار بکرێ]، ژمارە (٣٥)، رەزبەری ١٣٥٣-ئۆکتۆبری ١٩٧٤.
- نەناسراو، «اعلیحضرت وە درۆ خرایەوە و وەسەر خۆشی نەهێنا»[سەبارەت بە وتووێژێکی محمد حسین هیکل لەگەڵ شا کە لەودا شا باس لە بوونی کەمایەتییەکی گەورەی کورد لە ئێراندا دەکا کەچی دواتر وەزارەتی دەرەوەی ئێران روونکردنەوەی داوە و گوتوویەتی هەیکەل قسەکانی شای خراپ لێک داوەتەوە و لە ئێراندا تەنیا کەمایەتیی ئایینی هەیە]، ژمارە (٣٨)، خەزەڵوەری ١٣٥٤-نۆوامبری ١٩٧٥.
- نەناسراو، «شانۆسازیی چەک کۆکردنەوە»، ژمارە (٣٨)، خەزەڵوەری ١٣٥٤-نۆوامبری ١٩٧٥.
- نەناسراو، «فەرمانی خوێندنی بەرزی بەخۆڕایی»، ژمارە (٣٩)، سەرماوەزی ١٣٥٤- دێسامبری ١٩٧٥.
- نەناسراو، «ئاو لە سەرچاوەوە لێڵە» [سەبارەت بە بڕیاری حەمەڕەزاشا بەدژی گرانفرۆشی]، ژمارە (٣٩)، سەرماوەزی ١٣٥٤- دێسامبری ١٩٧٥.
- نەناسراو، «ئەنجومەنی دێموکراتیک یا ئەنجومەنی شاکرد؟[سەبارەت بە تەبلیغاتی حیزبی رستاخیر بۆ ئەنجومەنی شار و گوندەکان»، ژمارە (٤٤)، بەفرانباری ١٣٥٥-دێسامبری ١٩٧٦.
- نەناسراو، «پێشانگای سەردەمی پەهلەوی»[سەبارەت بەوە کە رێژیم بە بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوە و حیزب داتاشین دەیەوێ روخسارێکی جوان و مۆدێرن لە خۆی نیشان بدا]، ژمارە (٤٤)، بەفرانباری ١٣٥٥-دێسامبری ١٩٧٦.
- نەناسراو، «ئاوڕێک وەباری ئێستای لاوان لە کوردستانی ئێران»[وتارێک کە لە ناوخۆوە نێردراوە]، ژمارە (٤٥)، رێبەندانی ١٣٥٥-فێوریەی ١٩٧٧.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- نەناسراو، «شـا و رۆژنامەنووسـەکان»، ژمارە (٤٥)، رێبەندانی ١٣٥٥-فێوریەی ١٩٧٧.

- نەناسراو، «هویدا رۆیشـت، ئاموزگار هات»، ژمـارە (٤٩)، خەرمانانی ١٣٥٦-سێپتامبری ١٩٧٧.

- لە قسەکانی دوکتور سەنجابی [ناوبراو کە یەکێک لە رێبەرانی جەبهەی میللی بـووە و دواتر لە دەوڵـەتی کاتیـی بازرگاندا بوو بە وەزیری کاروباری دەرەوە، لە بەرامبەر گرتنـی خەڵك لە کوردسـتان ئیعتراز دەکا و پێی وایە مەسـەلەی کورد لـە چوارچێوەی ئێراندا چارەسەر بکرێ]، ژمارە (٥٣)، رەزبەری ١٣٥٧-ئۆکتۆبری ١٩٧٨.

- نەناسراو، «لەبـارەی ئەرتەش و ژاندارمەرییەوە» [بیـروڕای حیزبی دێموکڕات سـەبارەت بە پێکهاتـە و رۆڵی ئەرتـەش و ژاندارمـری]، ژمارە (٥٦)، نیـوەی یەکەمی پووشپەڕی ١٣٥٨-نیوەی دووەمی ژووئەنی ١٩٧٩.

- نەنـاسراو، «خەڵـکـی کوردسـتان هەڵوێسـتی رادیۆوتەلەویزیـۆن مەحکووم دەکەن»[سەبارەت بە تەبلیغاتی مێدیاکانی دەوڵـەت بەدژی بزوتنەوەی کوردستان]، ژمارە (٥٧)، نیوەی دووەمی پووشپەڕی ١٣٥٨-نیوەی یەکەمی ژووئیەی ١٩٧٩.

